## له شیعری ئەڵمانییەوە

# سەرکەوتنەکانی ئیرۆس له جەنگدا

و/ له ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل
(ئەڵمانیا)



### من دەزانم
**کلێمنس برێنتانۆ**

من باش دەزانم، تۆ له مندا چیت خۆشدەوێ
ئەوەیان ژیلەمۆیەکە لەنێو سینەمدا،
ئەوەیان ئارایشێکی سیحراوییه
له قووڵایی نهێنی ناوەوەی شەهوەتدایه
تیشکه له منەوە دەردەچێ و بانگی تۆ دەکا
من له بەردێکدا بنێژە
بەو شێوەیه له ڕێگای هزر و ئامێزمەوە بانگت دەکەم
وەره گەورەم، خۆشەویست، لەلای من بمره
وا پێویسته لەسەر تۆ.. وا پێویسته لەسەر تۆ

### سەرکەوتنەکانی ئیرۆس له جەنگدا
**ئێریش فرید**

له دەستپێکی ئەو پیربوونەدا
ئارەزوو گەورەتره له ئیستێتیک
هێز بەهێزتره له شەهوەت و
ئیرۆس بزه دەکا.

له لێژایی ئەو پیرییەدا
غەریبی مەزنتره له شەهوەت
حەز گەورەتره له ترس و
ئیرۆس بزه دەکا.

له وەرینی ئەم پیرییەدا
ترس گەورەتره له غەریبی
هیلاکی مەزنتره له ترس و
ئیرۆس هەڵدەچێ له زەردەخەنەدا.

### خۆشەویستی من
**ئینگه مویله**

ئەو بۆ هەمیشەیی کامڵ بوو
ئەو منی لەت لەت کرد
ئەو ناوەکانی پێدام
من ناوەکانم له یادکرد

سەرچاوە:
له کتێبی(Die schonsten Liebesgedichte - جوانترین شیعری خۆشەویستی) هەڵبژێردراوە.. چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٦.. له بلاوکراوەکانی (زیگرید دام)، دەزگای بلاوکردنەوەی ئینزل.